# هەڵگۆرد


رۆژنامەیەکی گشتییە
کۆمەڵێك گەنج دوو هەفتە
جارێك دەریدەکەن
ژمارە(٢٩)
یەکشەممە ٢٠٠٧/١٢/١٦


دەنگێك بۆ ئەوانەی دەنگیان نەبووە

دەنگێك بۆ ئەوانەی دەنگیان ناگات



خۆشەویستی ژیانی لێشێواندم!
ل٥



هونەرمەند(( کەریم مێرگەیی )) لە دیدارێکی هەڵگۆرد دا
ل٦



بابە نوئێل و ڕاگەیاندنی دواکەوتوی کوردی
ل٨

## پەرلەمانی کوردستان پرۆژە بڕیاری یاسایی هـــەموار کردنـــی موڵکایەتی دەرچواند.

■ تایبەت بە هەڵگۆرد

لە دانیشتنی ژمارە (٢٣) ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/١٩، پەرلەمانی کوردستان پرۆژە بڕیاری یاسایی هەموار کردنی موڵکایەتی دەرچواند، کە تایبەتە بە هەموارکردنی بڕیاری ٩٠ی ساڵی ١٩٧٥ کە بەپێی ئەم یاسایە موڵکداریەتی لە خاوەن موڵکەکان دەسێنێتەوە کە لەو سەردەمدا بە زۆرەملێ ئەم یاسایەیان بەسەردا سەپێنراوە، بە پێی یاساکە کە وێنەیەکی دەست هەڵگۆرد کەوتووە، لە برگەی دووەم لە مادەی یەکەم داهاتووە، هەرکەسێك لە سەردەمی رژێمی لە ناوچووی بەعس مووڵکەکانی بە ناوەوە(تەسوویە) نەکرابێت، مافی موڵك داریەکەی بە ناوی دەوڵەتەوە تۆمار دەکرێت، لەم بارەیەوە ئارێز عەبدوڵا ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە پەیوەندیەکدا لەگەڵ هەڵگۆرد هەواڵەکەی پشت ڕاست کردەوەو پێی راگەیاندین کە ئەم یاسایە زیاتر بۆ بەرژەوەندی خەڵکی باڵەکایەتی و مێرگەسۆرو هاوشێوەی ئەو شوێنانەیە رۆژنامەی هەڵگۆرد وەك یەکەم رۆژنامە لە هەرێمی کوردستان ئەو یاسایە لە لاپەڕە ٧ بڵاودەکاتەوە .

# تورکیا بەخەستی ناوچەکانی سنوری پەکەکە تۆپباران دەکات و شەهید و بریندراری هاوڵاتی لێدەکەوێتەوە

■ تایبەت بە هەڵگۆرد

سەعات دوو بەرە بەیانی رۆژی(٢٠٠٧/١٢/١٦) فرۆکەکانی تورکیا هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەربارەگاکانی پەکەکە لە سنوری ناودەشت وبناری قەندیل. لەو هێرشە کە چەندین فرۆکەی جەنگی تێدا بەشداربوون و سەدان کیلۆمەتر سنروی هەرێمی کوردستانیان بەزاند ماوەی دووسەعات بەخەستی زۆربەی بنکە وبارەگاکانی پەکەکەیان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ورەشە کوژیانە لە بۆ کریسکان و کەڵەکی باڵەییان و لێوژە و کارۆخ و کورتەك و سورەدێو قرناقەو پشت ئاشان وجەنگە و کۆمتان لەبناری قەندیل و ناودەشت بۆمباباران کرد. هاوکات لەگەڵ هەمان هێرش هێرش کراوەتە سەر سنوری سیدەکان ولە ئاویٚ شینەوە تا خنێرە بۆمب باران کراوەلە ئەنجامی ئەو هێرشانەدا هاووڵاتیەك بە ناوی( ئایشە علی ) شەهید بووە چەندین هاووڵاتی تریش بریندار بون کە لە نێویاندا ژن ومندالّی تێدایە.



خۆپیشاندانی خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە ویاساو پەیمانگای سۆران بۆ جێ بەجێکردنی داواکاریەکانیان لەڕوی نەبونی سوتەمەنی و دەرماڵەو شوێنی نیشتەجێبون و خراپی بینای خوێندن ... لەم بارەیەوە ریپۆرتاژێك لە لا ٢ بخوێنەوە

## دوو مانگی تر تارین نێت لە چۆمانە

دوو مانگی تر کۆمپانیای تارین نێت کە کۆمپانیایەکە لە بواری ئینتەرنێت و خزمەتگوزاریەکانی کاردەکات، دەگاتە چۆمان، سەرچاوەیەك لە کۆمپانیای تارین نێت ئەوەی بە هەڵگۆرد راگەیاند کە "لەماوەی دوو مانگی داهاتودا خزمەتگوزاریەکانی ئەو کۆمپانیایە دەگاتە چۆمان" سەبارەت بە هۆکاری نەخستنە گەڕی کۆمپانیاکە هەر لەسەرەتای دەست بەکاربونیەوە و دەنگۆی هۆکاری ئەمنی سەرچاوەکە وتی "هیچ هۆکارێکی ئەمنی نەبوە بەڵام لە پرۆژەی جێبەجێکردنی یەکەماندا تەنها چەند شوێنێك بوون و ئەوانیش وا تەواو بوونە و ئێستاش خەریکی جێبەجێکردنی وەجبەی دووەمین کە شارو شاروچکەکانی تری کوردستان دەگرێتەوەو لەناویشیاندا قەزای چۆمانیشی لەگەڵ دایە" جێی باسیشە ماوەی رابردوو چەند گەنج و هاولاتییەك سەردانی قائیمقامییەتی قەزای چۆمانیان کردبو داوایان کردبو کە هەرچی زوترە ئەو خزمەتگوزاریە لە چۆمانیش بکەوێتە کار.

## بەڕێوەبەری ناحیەی سمیلان گواسترایەوە

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست هەڵگۆرد کەوتوون، (عبدالوهاب محمود)مەمیخەلی لەسەر ئەو تۆمەتانەی کە گوایە نا عەدالەتیەکی زۆری کردووە لەپارەی قەرەبووەکەی لافاوی ساڵی پاری روست گواسترایەوە بۆ ناحیەی گەلاڵەو لەوێ بۆتە بەڕێوەبەری ناحیە، سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشدا کە دوای ئەو ناعەدالەتیە خەڵکی ناوچەکە داواکاریان پێشکەشی لقی ١٠ و پارێزگاری هەولێر کردووە بۆ لابردنی بەڕێوەبەری ناحیەکەیان، لەپەیوەندیەکدا (عبدالوهاب محمود) بەڕێوەبەری ئێستای ناحیەی گەلاڵەو پێشووی ناحیەی سمیلان ئەو هەواڵانەی بەدرۆ خستنەوەو بە هەڵبەستراوی وەسف کردن، ئەوەشی خستەڕوو کە خۆی بەرلەدوومانگ داوای گواستنەوەکەی کردووەو بەلام نەکراوە تاکو ئەم ماوەیەو جەختیشی لەوەکردەوە کە خەڵکەکەو لیژنەی ناوچەکەش پێداگیریان کردووە کە نابێت ناحیەکە جیٚ بهێڵێت بولام مادووبوونی خۆی و دووری ناوچەکە بە هۆکارێکی سەرەکی دانا بۆ گواستنەوەکەی، ئەوەشی بەدرۆ خستەوە کە منافەسەی لەگەڵ لیژنەی ناوچەدا هەبووبێت یان خەڵك داواکاری لەسەر کردبێت بۆ لقی ١٠ و پارێزگا. عەبدولوەهاب مەحمود ئەوەشی بۆ هەڵگۆرد ئاشکرا کرد کە ئێستا ئەفسەری پۆلیس شەماڵ سورچی بە وەکالەت کاروبارەکانی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی سمیلان رایی دەکات و کە پێشتر لە چۆمان ئەفسەری بنکەی پۆلیسی چۆمان بوو.

## پیرۆزبایی

بەبۆنەی هاتنی جەژنەکانی قوربانی پیرۆز و سەری ساڵی زایینی پیرۆزباییەکی گەرم ئاڕاستەی سەرجەم خەڵکی جیهان و کوردستان و بەتایبەت باڵەکایەتی دەکەین و هیوادارین هەمیشە لە جەژن و خۆشی و بەختەوەریدا بن، هەر بەم بۆنەیەشەوە ئاگاداری خوێنەرانی بەڕێزی هەڵگۆرد دەکەینەوە کە ژمارەی داهاتووی هەڵگۆرد دەرناچێت و هەوڵیش دەدەین بۆ ساڵی نویٚ گۆڕانکاری جددی بکەیین.


ناونیشان : چۆمان.شەقامی گشتی. تەنیشت بانکی چۆمان
ژمارەی مۆبایل ٠٧٥٠٤٧٢٥٧٧٦ - ٠٧٥٠٤٦٨٢٩٨٣
نرخی٢٥٠ دینارە
تیراژ: ٢٠٠٠ دانە


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com